# ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە..... یان ئاوەدانی بۆ لایەنگران!! ... م. حەمید عەزیز

بەڕاستی کوردو دەسەڵاتی کوردی توشی نەخۆشی یەکی کوشندەبووەئەگەر ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد فریانەکەون، ئەوا زۆربەی خەڵکی هەژاری کورد توشی نەخۆشی یەدەرونی یەکان دەبن لەبەشی باشوری ئەم وولاتەوێرانەدا.

ئەوەی کەئاشکرایەلەم وولاتەدا ئەوەیەکەهەموو ئەزانین، ئەگەر کەسێ هەژارو نەدار بێت ئەوا هیچ کارێکی بۆ مەیسەر نابێت، شەمەندەفەری ئاواتی ناگاتەوێستگەو لەپەنا و پاسار دەبێ بخەوێ، چونکەهەموو کارەکان و بژێوی ژیان و لەدووایشدا هەناسەدان پێویستی بە(تەزکی یەی حیزبی) دەبێت.

بەڵام ئەوەی جێ ی سەرسوڕمانەئەمەیەکەلەهەڵەبجەدا ڕوو دەدات ...! باوەڕناکەم لەهیچ کوێی ئەم دنیایەدا ئەم شێووەبەڕێووەبردنەو پیادەکدنەی دەسەڵاتەلەسیستمی دیموکراتیدا هەبووبێ و هەبێ. بەخوا جێی سەرسوڕمانە!.

زۆربەی ڕێکخراوەخێرخوازی یەجیهانی یەکان و ئیدارەی سلێمانیش لەهەڵەبجەکاری باش و ئاوەدان کردنەوەبەردەوامە، هەرچەندەدرەنگەبەڵام جێگای دەست خۆشی یە، بەڵام ئەوەی کەوای لێکردم بێتاقەتبم، ئەوەیەکەلەم ئاوەدانی یەدا جیاوازی شوێن و گەڕەك و ماڵیش ئەکرێ ...... هتد.

بۆنمونەلەگەڕەکی (پاشا) ماڵێك هەیەدەست لێنەدراوە(چاك نەکراوە). لەگەڵ ئەوەیشدا چوار ماڵ لەتەنیشت و بەرامبەری ئاوەدان کراوەتەوە، کەچی لەبەر ئەوەی ئەو ماڵەکەس ناناسن و تەزکی یەی حیزبیان نی یەماڵەکەیان چاك نەکراوە.

ئەڵین گوایەهەمووی واسیتەو واسیتەکاری یە، بەڵام ئەگەر هەبێ بەرتیل و پارەئەوا ئیشەکەئەکرێ و خانمێك کەناوی (ك) و فەرمانبەرەلە.... کارەکەت بۆ ئەکات زۆر بەباشی، ئەی هەژارەکان بۆ کوێ پەنا بەرن؟؟. هەموو خۆبەخت کردنەکان و ماڵ وێرانی یەکان لەشۆڕشدا، هەموو چینی چەوساوەی ئەو میللەتەدەیکات کەشۆڕشیش سەردەکەوێ هەر ئەو چینە پەراوێز دەکرێ و بێ ماف دەمێنێتەوە. تاکەی ناعەدالەتی و خزم خزمێنەهەبێ هەیەجاش بووەچونکەخەڵك ئەناسێ و شتی تریش...... باشترین پارچەزەوی وەرگرتووە، کەچی خێزانی شەهیدێك بەدوای واسیتەدا دەگەڕێ کەپارچەزەوی یەکی بدەنێ!!. سەیرە!

زەوی یەکەش لەهەر کوێ بێت هێشتا ئەو مەمنونە. وولاتیش خورا ئەگەر فریای نەکەوین ئەوا..........

گەندەڵی هەرەسی پێ دەهێنێ و شاخەکانیش ئەفرۆشن و دوا ڕۆژ دەبێتەبیابانیکی ناشرین و دەبینەجێی پێکەنین بۆ هەموو جیهان.

Hamid773@hotmail. com